# مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی ئەوەیە بیپەرستن و بەهیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، ومافی بەندەکان لەسەر خوای گەورە ئەوەیە کە سزای ئەو کەسە نەدات کە بە هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نادات

لە موعازەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە پشتی پێغەمبەرەوە بووم -صلى الله عليه وسلم- لەسەر گوێدرێژێک پێی دەووترێت عوفەیر، فەرمووی: «ئەی موعاز، ئایا دەزانی مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی چییە؟»، ووتم: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، فەرمووی: «مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی ئەوەیە بیپەرستن و بەهیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، ومافی بەندەکان لەسەر خوای گەورە ئەوەیە کە سزای ئەو کەسە نەدات کە بە هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نادات»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا موژدە بدەم بە خەڵکی؟ فەرمووی: «نەخێر موژدەیان پێمەدە، چونکە کەمتەرخەمی دەکەن».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مافی خوای گەورە ڕووندەکاتەوە لەسەر بەندەکانی، ومافی بەندەکان لەلای خوای گەورە، مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکان ئەوەیە کە بیپەرستن وهیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن ، ومافی بەندەکان لەسەر خوای گەورە ئەوەیە کە سزای موەحیدەکان -یەک خوا پەرستەکان- نەدات ئەوانەی کە بە هیچ شێوەیەک هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نادەن. پاشان موعاز ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا موژدە بە خەڵکی نەدەم بۆئەوەی ئاسوودە بن بەم فەزڵە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکرد لەترسی ئەوەی نەک تەنها پشت بەم موژدەیە ببەستن وهیچ کردەوە نەکەن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65007